# یەك ملیۆن جار نا بۆ دەستور، نا بۆ ناسنامەی بە عێراقی بوون

سەیران تەها

ئەم 10/15 دەنگدان بە (بەڵێ) دەبێت بۆ دەستور، واتە کۆتایی هێنان دەبێت بە خەونەکانی کورد، لە گۆڕنانی شۆڕش و خەبات حکومەتی کوردی دەبێت.

ئەم 10/15 گەورەترین کارەساتی دەنگدانی کورد دەبێت بۆ بەعێراقی بوونی خۆی ، دەنگدانە بەعەرەبکردنی نیشتمانەکەی بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی و پابەندبوونیەتی بە بەڵێنامەی وولاّتانی عەرەبی و بە ناسنامەی باکوری عێراق, لە گۆڕنانی 13 ساڵە لە سەربەخۆبوون، و حکومەتی کوردی دەبێت، کۆتایی هێنان دەبێت بە ناساندنی نێودەوڵەتی و گەڕانەوەیە بۆ باوەشی عێراقی ئەنفال و هەڵەبجە و کوڕەو و گۆڕی بە کۆمەڵ.

دەبێت ئەمە چ میللەتێك و حکومەت و حیزبێك بێت، ئاوا ئەم کارەساتانەیان پێ قبووڵ بێت و، وە بە سەروەری و دەسکەوت لە قەڵەم بدرێت ، چ نەهامەتیەکە، میللەتێك ئەوەندە نەزان بێت دەنگ بەجەللادەکانی دوێنێ و سبەینێی خوی دەدات، دەبێت مێژوو ئەم جارە کێ بە تاوانباری سەرەکی بەرامبەر بە ئەنفالی داهاتوو و بە تێوەگلاندنی کورد لەشەڕی داهاتووی ناوخۆی عێراق دابنرێت وچ لاپەڕەیەکی شەرمەزاری نوێ بخاتە سەر مێژووی دۆڕانەکانی تری.

دەنگداندان بەم رەشتنووسی دەستوورەی عێراق، دەنگداندانە نەك بەدەستوورێك بەڵکو بە شازشێکی سیاسییە، چونکە هەرکەسێکی یاسایی ئەم دەستووره بخوێنێتەوە دەقی لێدوانێکی سیاسیو عەقڵیەتێکی خێڵەکی ئاینی لەپشت دەستوورەکەوە دەبینێ‌و, نەك عەقڵیەتێکی قانوونی. واتە لەدەستوورێك ناچێ کە بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتێك دانرابێ بەڵکو گرەوێکی سیاسیەو بە دڵنیاییەوە کورد گەورەترین دۆڕاوی ئەم بوارە دەبێت.. ئەوەی دەستوور زۆر دوورە لێی‌و بەلایدا نەچووە مافەکانی ژنانە، هەرگیز ناتوانین باس لەیەکسان ژن‌و پیاو بکەین بەپێی ئەحکامەکانی ئەم دەستووره, چونکە بەپێی شەرع ژن‌و پیاو وەکو یەك نین، چونکە هێڵەسەرەکیە یاساییەکان وەك مافەکانی مرۆڤ لە بەیاننامەو جاڕنامە نێودەوڵەتیەکانت بەهەموو ڕووەکانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و.. هتد بەجۆرێك مەرجدار کراوە هەموو ڕێگاکانی لێ بەستووینەتەوە. کە دەبوایە ئەمانە وەك هێڵی سەرەکی گەرەنتی بوونایە، گەورەترین گەرەنتی داوای جیاکردنەوی دین لە دەوڵەت بوو، هەروەها جیاکردنەوەی تایبەتمەندێتی نەتەوەی کورد بوو, ئەمانە کە هیچی نەکراون. لەدەرەوەی زامنکردنی مەرجەعی ئایینی هیچ زامنکاریەکی تری تێدا نیە. بەکورتی دەتوانین بڵێن ئەم دەستووره گەورەترین نەهامەتی‌و پێشێلکاری مافە لەپێشا بۆ کوردو پاشان بۆ ژنی کوردیش. ئەو دەستورەی بە عەقڵیەتێکی سیاسی نەخۆش و ڕقبەرایەتی و دوژمنکاری بنوسرێتەوە و کە بیەوێت لەڕێی دەستوورەوە ئیسلام بکاتە چەکێك بۆ پێشێلکردنی نەك هەر مافەکانی ژنان بەڵکو مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەیەکیش، کەواتە کێشەکە لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەیە کە لەپشت دەستوورەوەیە. هەر کەسێکی ئاسایی بێت ئەم دەستووره بخوێنتەوە دەزانێت کە ئیسلام لەم دەستورەدا وەك ئایین‌و پیرۆزیەك بەکارنەهێنراوە.

بنەماو سیاسەتی ئەم دەستووره عەقڵیەتێکی دواکەوتووە، لەبەر ئەوەی ئێمە نەلەسەردەمی شەڕی خاچپەرستەکانداین نە لەسەردەمی ( فتوحات)داین وەیان تازە بەتازە خەریکیبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بین، وە کەسیش نیە بەقەدەر کورد دڵسۆزی ئیسلام و ئایینەکەی بێت، ئێمە لەسەردەمێکی دیموکراسیدان کە ڕێزی هەموو ئایینەکان دەگیرێت‌و هەرگیز نەدەبوو مەسەلەی ئایینمان بۆ بکەنە مەسەلەیەك کە مەسەلەی

وەك قەومیەتو دەستكەوتو مافەكانی پیّ بگۆڕدرێتەوە. كەچی بەپێچەوانەوە هاتوون كردوویانە بەچەكێك كە گرووپێك بتوانیّ لە داهاتوویەكی نزیكدا پێی بالآدەست بیّو حوكمی سیاسی وڵاتێكی پیّ بكات.

هەڵبەتە ئێمە وەك زۆربەی گەلانی ڕۆژهەلآتی كۆمەڵگایەكی ئایینین، كەی كێشەی ئەم وولآتە ئایین بووە، كێشەی ئێمە نەبوونی ئازادییەكان و بەهاوولآتی بوون و ناسنامەی نەتەوایەتی بوو، گفتوگۆ و بۆچوونمان لەسەر ئایین وەك جیاوازی لە نێوان هیندۆسو ئیسلامی یان بەراورد كردنی ئیسلام بەهەر شتێكی تر نیە, بەلآم كە خۆت لەدەستووتردا وتوتە ڕێز لەهەموو مەزهەبو ئایینەكان دەگرم كەواتە چ پێویست دەكات ئەمانە دیّن و ئایینەكەمان لیّ بكەنە چەكی كۆكوژو هەڕەشەی داهاتوو لە ئەگەری گەورەترین پێشێلكارییە بۆپێشێلكردنی مافە مرۆییەكانو مافی نەتەوەیتیەكان، كەواتە كێشەكە لێرەوە دەست پیّ دەكات و ئەو پرسیارمان لەلا دروست دەكات، كێن ئەوانەی ئەحكامو سەوابتەكان شی دەكاتەوە و حەرامو حەلآلمان بۆ دیاری دەكات؟ هەڵبەتە ئەوە ئەو مەرجەعیەتە, ئەو عەقڵە سیاسیەو ئەو فەرمانمانڕەوایانەی سەر بەدەسەلآت خۆیانن، كەواتە ئەوەی پێشێلكاریش دەستنیشان دەكات هەر خۆیانن ئیدی هیوای ئازادیو گەرەنتی چی لەم دەستوورەدا بەدیبكەین، چۆن دەنگی بۆ بدەین.

چۆن دەنگ بە دەستوورێك بدەین كە پڕە لەگزی كردنێكی سیاسی هیچی تری تیا بەدی ناكریّ, بەواتەیەكی تر پاشقوللێگرتنە لەكورد و ملی دەشكێنێت . ئەوەی كورد سیانرە ساڵە هەوڵی بۆ دەدەین، سیانرە ساڵە عەقلّ و بیركردنەوەی خۆمان تەسلیم بە حیزبەكان كردووە، لە پێناوییدا بەرگەی گەندەڵی و دزی گەورە و پچوكمان گرت، لە پێناوییدا بیّ دەنگ بووین لە تاوانەكانی جەنگی ناوخۆ ، ئێستا ئەم دەستوورە پێمان دەڵیّ موڵكی تۆ نییەو پێت ڕەوا نابینی.دەستورێك لەسەر داوای عمر موساو جامیعەی عەرەبی گۆڕانكاری تێدا بكرێت ، دەستورێك بحرێتە بەردەم سعودیە و میسر و ئیمارات ....هتد، بۆچوونی خۆیان هەبێت، ئێستا گەورەمان بن، ئەی لە كاتی هەڵەبجە و ئەنفال و فرۆشتن و ئاودیوكردنی ژنانی كورد و گۆڕە بەكۆمەڵەكاندا بۆ دەنگیان نەبوو، عێراق لەژێر دروشم و بەڵێنامەكەی جامیعەی عەرەبی و بە پشتیوانی دەوڵەتە عەرەبیەكان بوو تاوانەكانی ئەنجام دەدا، هەر لەبەر ئەم هۆیانە بوو كە سەدام حوسێن ڕەمزی (عروبە) و شۆڕەسواری عەرەبی بوو. تا ئێستا لەبەرئەوەی عێراق خاوەن ناسنامەیەكی بەم شێوەیەی جامیعەی عەرەبی بوو نەتەوەكانی تر ڕەتكراوە بوون، كەواتە ئێمە وەك نەتەوەیەكی جیاواز چ دڵێكمان بەناسنامەیەكی بەم شێوەیە خۆش بیّ و دەنگی پیّبدەین، ئێمە نكوڵیمان لەوە نیە كە لەعێراقدا دەژین, بەلآم لەجیاتی ئەوەی ئەم دەستەواژەیە فراوان بكرایەو ئەوەشی بخرایەتە سەر كە " گەلی كوردیش بەشێكە لەنەتەوەی كورد" هاتوون ئەویشیان لابردووە كە تەنها عەرەبی عێراق بەشێكە لە نەتەوەی عەرەب . لەكاتێكدا گەر دەستەواژەكە فراوان بكرایە, ئەو یەكێتیەی بەردەوام جەختی لەسەر دەكەنەوە بەشێوەیەكی بەهێزترو لەسەر بنەمای ئازادانە بەدیدەهات.

من دەنگ بەودەستورە نادەم كە 85 ساڵە ڕوومان دێت بڵێین بە شەقی ئینگلیز و بە ناڕەوایی ناسنامەی عێراقی بوونیان بەسەردا سەپاندین ،بەلآم ئەمڕۆ ئامادەنیم بە جەهلی كورد بەدەستی خۆم دەنگ بە عێراقی بوونی خۆم بدەم ، نە لە ڕابردوو نە لە داهاتووشدا سەر بۆ ئالآی داگیركەرانی وولآتەكەم دانەنواندووە و داینانەوێنم ، هەرگیز دەنگ بە دەستورێك نادەم كە لە سایەیدا سبەینیّ گەلەكەم تەعریبێكی تر و ئەنفالێكی تر هەڵەبجەكانی تر بە شێوازێكی نویّ دەكرێت ، من كوردم ناسنامەیەكی خۆم هەیە، نامەوێت ناسنامەی خۆم میللەتەكەم بدۆڕێنم بۆیە هەرگیز دەنگ بەو دەستورە نادەم ، چونكە بوون و سەروەری تاكەكان لەهەموو دنیادا بەسەروەری ناسنامەی نەتەوەكانیانەوە بەندە و شانازی پێوە دەكەن ، ئیتر چۆن چۆنی شانازی بەناسنامەی داگیركەر و ئەنفالچیەكانەوە بكەین؟ گەر هەموو عێراق دەنگ بدات دەبوایە كورد دەنگ

بۆ دەستورنەدات، گەر هەموو کورد دەنگ بدات ، من دەنگ بۆ دەستورێك نادام بە بەڵێ ، کە عێراقی بوونی منی بە پلەی یەکەم پێقبووڵ بێت بەپلەی دووەم کورد بوونی ئێمەی پێ پەسند بێت.گەر دەنگ نەدان بە بەڵێ بە خیانەت دابنرێت( چونکە ئەمڕۆ چەمکەکانی خیانەت ئاوەژوو بوون) یەکەم کەس دەبم فەخر بە خیانەتێکەوە بکەم کە ئامادەنیم سەر شۆڕ بکەم ، دەنگ بە دەستورێك بدەم کە مافی چارەی خۆ نووسینم بۆ لە گۆڕ بنێت ، هەرگیز خیانەت نە لە ڕۆحی کورد بوونی خۆم ونە لە میللەتەکەم ناکەم بۆیە هەرگیز دەنگ بە دەستور نادەم .